Bundesamt
für Migration
und Flüchtlinge

# گرێبەستی نێوان بەڕێوبەرایەتی خولی فێرکاریی و بەشداربووان لە خول
# بە پێی بڕگەی 4ی مادەی 8ی رێسای ناوخۆیی باشترکردنی زمانی ئەڵمانی (DeuFöV)

**لەم نوسینەدا بە هۆی ئاسانکاری زمانەوانیی تەنیا شێوازی نێرینە بەکاردەهێنرێت. ئەگەرچی هەمووکات کەسانی بە رەگەز نێر و مێ وەکیەک لەبەرچاو دەگیرێت.**

**لە نێوان**

ناوی خێزانی، ناو و رۆژ و شوێنی لەدایکبوونی بەشداربوو لە خولی فێرکاری

**و**

ناو و ناونیشانی بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکاری

**ئەم گرێبەستەی خوارەوە دەبەسترێت:**

## 1. پشکی تێچوون

بەشداریکردن لە خولی فێرکاری زمانی پیشەیی لەبنەڕەتەدا خۆڕاییە.

جگە لەو کەسانەی کە پیشەیەکیان هەیە کە هیچ جۆرە یارمەتییەک بۆ بژیوی ژیان بە پێی کتێبی یاسای کۆمەڵایەتی (SGB II)، یاسای کۆمەڵایەتی (SGB XII) یاخود یاسای یارمەتیدانی داواکارانی مافی پەنابەرایەتی (AsylbLG) وەردەگرن، یان مافی وەرگرتنی پارەی بێکاربوونیان نییە، سەرقاڵن نین بە خوێندنی خولی فێربوونی پیشە بەپێی برگەی 1ی مادەی 57ی لە یاسای کۆمەڵایەتی (SGB III) یان خەریکی دەستەبەرکردنی شارەزایی سەرەتایین و ،داهاتی ساڵانەیان بۆ کەسێک، کە دەبێت باجی بۆ بدرێت زیاتر نەبێت 20,000 یورۆ و بۆ دوو کەسی پێکەوەشن لە بری 40,000 یورۆ زیاتر نەبێت. ئەم کەسانە دەبێت پارەی پشکی تێچووەکە بدەن. بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکاریی دەبێت لە کاتی ناونووسیندا بەشداربووانی خولەکە لە یاسا پەیوەندیدارەکان بە پشکی تێچوون ئاگادار بکاتەوە . دەبێت بڕی تێچووی هەموو وانەکان لەسەرەتای خولەکەدا بدرێتە بەڕێوبەرایەتی خولەکە .

ئەو کەسانەی کە کارێکیان هەیە و داهاتی ساڵانەیان کە دەبێ باجی بۆ بدرێت لە ئاستی بڕی ئاماژەپێکراو لە سەرەوەدا زیاتر نییە بەم هۆییەوە دەتوانن بە خۆڕایی لە خولی فێرکاری زمانی پیشەییدا بەشداری بکەن ، ئەگەر ئەم کەسانە خۆیان هۆکاربن بۆ وازهێنان لە خولی فێرکاری زمانی پیشەییدا ئەو کاتە خۆیان ناچار دەبن پشکی تێچوویی خوڵەکە بگرنە ئەستوو. ئەوانەی کە پیشەیەکیان هەیە و بەشداربووی خولن خۆیان هۆکارنەبن بۆ وازهێنان لە خولی فێرکاری زمانی پیشەیی، دەبێت بەڵگەیەکی باوەڕپێکراو بخەنە بەردەست نوسینگەی فیدراڵی .

پەرتووکی فێرکاریی لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکاریی بە خۆڕایی دەخرێنە بەردەستی بەشداربووان.

## 2. تێچووەکانی هاتوچوو

ئەو بەشداربووانەی کە

- پارەی بێکاریی 1 (SGB III)
- پارەی بێکاری 2 (SGB II)
- پارەی یارمەتی کۆمەڵایەتی ( SGB XII)
- پارەی یارمەتی لاوان (SGB VIII لەباتی بڕە پارە وەرگیردراوەکان بە پێیاسای یارمەتیدانی داواکارانی مافی پەنابەرایەتی)
- یارمەتی بەپێی یاسای یارمەتیدانی داواکارانی مافی پەنابەرایەتی (AsylbLG) یان
- پارەی یارمەتی تێچووی فێربوونی پیشەیی بە پێی برگەی 56 لە یاسای کۆمەڵایەتی (SGB III) وەربگرن،

دەتوانن یارمەتی دارایی بۆ خەرجییەکانی هاتوچووی پێویست وەربگرن. ئەگەر وەرگرتنی یارمەتیتان لە ماوەی بەشداریکردن لە خولی فێرکاریدا لێببڕدرێت، کەسی بەشداربوو دەبێت دەستبەجێ ئەمە بە بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکاری و نوسینگەی فیدراڵی رابگەیەنێت.

یارمەتی دارایی بەتێکڕایی بۆ تێچووی هاتوچوو کاتێک دەدرێت کە کورتترین رێگا بە پێ رۆیشتن لە ماڵەوە تاکوو شوێنی خوڵەکە و/یاخود شوێنی تاقیکردنەوەی بەخشینی بەڵگەنامە بەلایەنی کەمەوە 3 کیلۆمەتر بێت. داوای یارمەتی دارایی بۆ تێچووی هاتوچوو دەبێت لە رێگای بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکارییەوە پێشکەش بکرێت. لە دژی رەتکردنەوەی داواکاریەکە بەشداربوو دەتوانێت سەبارەت بە ڕەتکردنەوەی داواکاریەکە نارەزایەتی دەربڕێت یان بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکاریی بکاتە بریکاری خۆی بۆ ئەوەی لە پێشکێشکردنی نارەزایەتیدا نوێنەرایەتی بکات.

ئەگەر داواکاری یارمەتیدانی دارایی بۆ تێچووی هاتوچوو لە لایەن نوسینگەی فیدراڵییەوە پەسەند بکرێت، ئەوا ئەم یارمەتی داراییە بۆ سەرجەم ماوەی بەشداربوون لە خولی فێرکاریی دەبێت. ئەم پەسەندنامەیە لەکاتی گۆڕانی کرێی هاتوچوو ناگۆڕدرێت. لە کاتی گۆڕینی شوێنی نیشتەجێبوون یان شوێنی فێرکاریی بگۆردرێت؛ کار بەم پەسەندنامەیە ناکرێت. ئەگەر پێویست بکات، دەبێت داواکارییەکی نوێ پێشکەش بکرێت.

### 3. چاودێریکردنی منداڵان

بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکاریی، بۆ دۆزینەوەی خزمەتگوزاری چاودێریکردنی منداڵان یارمەتی بەشداربووان دەدات.

### 4. دەسپێکردنی خولی فێرکاری

کەسی رێگەپێدراو بۆ بەشداریکردن لە خولەکە، دەبێت لە ماوەی 4 هەفتە دوای ناونووسین بەشداری بکات لە خولی فێرکاری زمانی پیشەیی. ئەگەر خوڵی فێرکاری زمان دەستپێنەکات، پێویستە بەڕێوەبەرایەتی خۆڵ، بەشداربووەکە بۆ شوێنێکی دیکەی خوڵی فێرکاری بنێریت کە کورسی گۆنجاو پێشکێش دەکەن.دەبێت . بەڕێوەبەرایەتی خۆل دەبێت مۆڵەتی ئۆرژینالی پێی دەدرێت و نووسینگەی فیدراڵی ئاگەداردەکاتەوە لە کە بەشداربووەکە چووە خۆلێکی دیکە.

کەسی بەشداربوو لە خولەکە دەبێت گۆڕانی ناونیشانی خۆی دەستبەجێ بە بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکاریی رابگەیەنێت. گۆڕینی کورس تەنیا لە کاتی بارودۆخێکی دژواردا دەکرێت بگۆڕدرێت. بارودۆخی دژوار بۆ نمۆنە ئەگەر شوێنی فێرکاری دوای شوێنگواستنەوە بۆ شوێنێکی نوێ؛ بە ٩٠ خۆڵەک بەشداربووەکە پێی بگات. بەشداربوو لە خولەکە دەبێت داوای گۆڕینی خولی فێرکاریی لە مەڵبەندی سەرەکی نوسینگەی فیدراڵی بۆ کۆچ و کۆچبەران بکات.

ئەگەر تەواوی خولی فێرکاری لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی خولەکە رابگیرێت؛ ئەوا دەبێت بەشداربووانی بۆ خولەکە لە جیاتی ئەوە بە خولێکی دیکەی گونجاو بنێردرێن.

### 5. هەڵسوکەوت لەکاتی وانەکاندا

پێویستە لەکاتی خۆیداو بەبێ دواکەوتن لە وانەکاندا بەشداربن. بەشداربوو ئامادەسازی خۆی رادەگەیەنێت بۆ بەشداریکردنی چالاکانە لە وانەکەدا.

دەبێت رەچاوی ڕێسا ناوخۆییەکانی بەڕێوەبەرایەتیی خولی فێرکاریی بکرێت. لادان لە ڕێسا ناوخۆییەکان رەنگە ببێتە هۆی بێبەشبوون لە وانەکاندا.

### 6. کاتەکانی ئامادەنەبوون

لە کاتی وانەکاندا رێگە بە پشووی شەخسی پلاندانراو نادرێت.

ئەگەر کەسی بەشداربوو وازی لەخولی فێرکارییەکە هێنا ، ئەوا بەێوەبەرایەتی خولی فێرکاریی دەستبەجێ نوسینگەی فیدراڵی و هەروەها ئەولایەنەی کە مۆڵەتی بەشداری کردنی بەکەسەکە بەخشیوە ، ئاگەداردەکاتەوە. لەگەڵ ئەوەشدا بەڕێوبەرایەتی خولی فێرکاریدەستبەجێ فەرمانگەی کار لەو کەسانە ئاگەدار دەکاتەوە کە لەلایەن ئەوانە بۆ بەشداریکردنی خۆلەکە راسپێردرابوون ئەگەر بە هۆکاری پچراوپچڕی بەشداریکردنی مەترسی لە سەر سەرکەوتووانە کۆتایهێنان بە کورسەکە دروست بکات (پەیوەست بە برگەی 9ی مادەی 5ی خاڵی 2ی یاسای پەرەپێدانی زمانی ئەڵمانیDeuFöV).

بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکارییی ئەرکی ڕاگەیاندن و ئاگادارکردنەوەی هەیە ،بە تایبەت کاتێک  کە بەشداربووان لە خولەکە:

- لە ڕۆژی دەسپێکردنی خولی فێرکاری بە بێ هەبوونی لێخۆشبوون
- بە لایەنیکەمەوە  سێ ڕۆژی یەک لەدوایەکی وانەکان بە بێ هەبوونی لێخۆشبوون یاخود بوونی لێخۆشبوون
- زیاتر لەسەدا 20 وانەکانی فێرکاری ئامادە نەبووبن.

ئەگەر بەشداربوو لەسەدا 30 وانەی فێرکاری ئامادە نەبووبێت، کە دەبێت لە خولی فێرکاری زمانی پیشەیی  ئامادە ببێت، ئەو کاتە کۆتاییهێنانی سەرکەوتوویانەی کورسەکە چاوەڕوانیناکرێت. لەم کاتەدا بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکارییی دەبێت وازهێنانی بەشداربوو لەخولەکە بە ئاژانسی کار یاخود فەرمانگەی کار و نوسینگەی فیدراڵی ئاگەداربکاتەوە.

لەکاتی ئامادەنەبوونی بەشداربوو لە وانەکەدا، دەبێت هەمیشە هۆکاری ئامادەنەبوون وەک بەڵگە بخاتە بەردەست. بەڵگە بۆ نمۆنە ڕاپۆرتی پزیشکی دەبێت دەسبەجێ بە بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکاری بدرێت. ڕێگا بە بەشداربوو دەدرێت بەم هۆکارانەی خوارەنەوە بەشداری لە کورسەکەدا نەکات:

| | |
|---|---|
| **نەخۆشی** | **بۆ ماوەی یەک ڕۆژ لە خولەکە،** ئەگەر بەشداربووان بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکارییی لە نەخۆشی خۆیان بە شێوەی تەلەفۆنی/زارەکیی (بۆ ئەم بابەتە بەڕێوەبەری خولەکە نووسراوەک ئامادە دەکات) یان بە شێوەی نووسراو لە سەرەتای ڕوودانی نەخۆشییەکە ئاگادار بکەنەوە<br>**لە ڕۆژی دووەمەوە لە خولەکە** دەبێت بەڵگەیەکی پزیشکی بخاتەڕوو. |
| چاودێریکردنی منداڵێکی نەخۆش کە هێشتا تەمەنی 12 ساڵانی تێنەپەڕاندووە، ئەگەر هیچ کەسێکی دیکە بۆچاودێری منداڵەکە بوونی نەبێت | لەکاتی پێشکەش کردنی بەڵگەی پزیشکی سەبارەت بە پێویستی چاودێریکردنی منداڵەکە، کە لە ڕۆژی یەکەمی. خولی فێرکارییەکەوە  کارپێدەکرێت |
| نەبوونی چاودێریکەری منداڵێک لە بارودۆخێکی پێشبینی نەکراودا کە هێشتا تەمەنی 8 ساڵانی پڕ نەکردووەتەوە (بۆ نموونە چاودێریکەری منداڵەکە نەخۆش بێت) | لە کاتی پەسەندکردنی لەلایەن ناوەندی چاودێریی بەرپرسیارەوە |
| نەبوونی چاودێریکار یاخود نەبوونی قوتابخانە، کاتێک قوتابخانە / یاخود فەرمانگەی چاودێریکردنی منداڵەکان لە لایەن فەرمانگەیەک/حکومەتی هەرێمەکەوە  فەرمان پێ کرابێت و منداڵی چاودیریکراو تەمەنی ١٢ ساڵی پرنەکردووە | لە کاتی خستنەڕووی بەڵگەی پێویست سەبارەت بە داخستنی (جگە لەو حاڵەتانەی کە لە تەواو وڵات یاخود لە تەواوی ناوچەیەک یان شار ڕێسا کارپێکراوەکانی داخستن) |
| چاودێریکردنی یەکێک لە کەسوکار لە کاتێکدا ئەویش لەو ماڵەدا  نیشتەجێ بێت کە بەشداربوو لە خولەکە دەژیت | لەکاتی خستنەڕووی بەڵگەی پزیشکیی سەبارەت بە پێویست چاودێریکردنی یەکێک لە کەسوکار |
| هاوسەرگیری بەشداربووەکان | **دوو ڕۆژ لە خولی فێرکاری،** لەپاش خستنەڕووی بەڵگەی پەیوەندیدار (بەڵگەی هاوسەرگیریی) |
| منداڵبوون\کاتی دایکایەتی | لەکاتی خستنەڕووی بەڵگەی پەیوەندیدار (بۆ نموونە بەڵگەی پزیشکی) |
| منداڵبوونی هاوسەر یان هاوڕێ و هاوژینی کەسی بەشداربوو لە خول | **دوو ڕۆژ لە خولی فێرکاری،** لەپاش خستنەڕووی بەڵگەی پەیوەندیدار (بۆ نموونە بەڵگەی پزیشکی، بەڵگەی لەدایکبوون) |

| | |
|---|---|
| مردنی هاوسەر یان هاوڕێ و هاوژین بە پێی یاسای ژیانی هاوبەش، مردنی یەکێک لە منداڵەکان یان یەکێک لە دایک و باوک | **تا دوو رۆژ لە خولی فێرکاریی** لەکاتی خستنەڕووی پەسەندنامەدا **تا پێنج رۆژ لە خولی فێرکاریی**، ئەگەر رێوڕەسمی پرسەی کەسوکارەکە لە دەرەوەی وڵات بەڕێوە بچێت |
| بانگهێشتکردن لە لایەن دامودەزگاکانەوە (بۆ نموونە بەڕێوبەرایەتی بیانییەکان / دادگا) | لەکاتی خستنەڕووی بەڵگەی پەیوەندیداردا |
| ئامادەنەبوونی پەسەندکراو لە لایەن ئەو فەرمانگەیەی کە خزمەت گوزاری پێشکێش دەکات | لەکاتی خستنەڕووی بەڵگەی پەیوەندیداردا |
| لەکاتی پەسەندکردنی داوای پشوو لەلایەن خاوەن کارەوە بۆ ئەو کەسانەی کەکاردەکەن یاخود فێربونی پیشەی دەکەن | کۆپی داواکاری پشووی پەسەندکراو |
| فەرمانی کەرەنتینەی ماڵەوە لە لایەن فەرمانگە پەیوەندیدارەکان | لە کاتی خستنەڕووی بەڵگەی پەیوەندیدار (جگە لەو فەرمانانەی بۆ ناونیشانی دیار کارپێدەکرێت) |
| بەشداریکردن لە پشکنینێکی سەلماندنی نەخۆشی کۆڤید 19 | **لە رۆژی پشکنینەکە و بۆ رۆژانی دواتر کە پێویستە چاوەڕێی دەرچوونی ئەنجامی پشکنینەکە بکرێت**، لە کاتی خستنەڕووی بەڵگەی پەیوەندیداردا |
| کەسوکاری گرۆپێکی مەترسی لەسەریان هەیە، کە لە ڕووی پزیشکییەوە رێرەوی نەخۆشییەکی قورسی پەیوەست بە کۆڤید 19 دەسەلمێنێت، ئەگەر هیچ توانایەکی بەشداریکردن لە رێگای ئینتەرنێتەوە لە بەر دەست بێت | لە کاتی خستنەڕووی بەڵگەی پزیشکی دەربارەی کەسوکاربوون لەو گرۆپە مەترسی لە سەرەکانی ناوهێنراو<br>سەرنج: بەشداریکردنی کورسەکە بە ئامادەبوونی جەستەی خۆبەخشانەیە لە گەڵ بوون بە کەسوکاری گرۆپێکی مەترسی لە سەریان ئیمکان هەیە بەشدار بێت |

بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکاری بەڵگە پزیشکییە پێشکێشکراوەکان یان بەڵگەکانی تری پەیوەندیدار بە پاساوی ئامادەنەبوون لای خۆی هەڵدەگرێت.

## 7. <u>تاقیکردنەوەکانی بەخشینی بروانامە</u>

بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکاری بۆ هەریەک لە بەشداربووانی خولە فێرکارییەکانی زمانی پیشەیی تاقیکردنەوەی بەخشینی بڕوانامە پێیان دەکات. لە خولی پەیوەست بە شارەزاییەوە بۆنمونە بازرگانیی یان کارو کاسبی/ تەکنۆلۆجی لەجیاتی بڕوانامە، پەسەندنامەی بەشداربوون لە خول ، لەگەڵ زانیاریی پەیوەندیدار بە پێشکەوتنەکانی لە فێربووندا دەردەکرێت. لە کاتی دەرنەچووندا، دەکرێت یە یەکێک لە تاقیکردنەکانی بەخشینی بڕوانەمە بۆ جارێک دووبارە بکەنەوە.

ئەگەر بەشداربوو دەتوانێت بۆ دووبارەکردنەوەی خولی فێرکاریەکە داواکارییەک پێشکەش بە ئاژانسی کار یان ناوەندی کار بکات ئەگەر دەرنەچووبێت.

ئەنجامدانی تاقیکردنەوەی بەخشینی بڕوانامە و دووبارەکردنەوە ئەم تاقیکردنەوەیە بۆ بەشداربووی خۆلەکە بەخۆڕایی و بێبەرامبەرە.

ئەگەر بەشداربووەک لەدوای دووبارەکردنەوەی تاقیکردنەوەکەشدا دەرنەچێت ، لەلایەن بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکارییەوە بەڵگەیەکی بەشداریکردن وەردەگرێت کە بریتییە لە زانیاری سەبارەت بە پێشکەوتنەکانی لە فێربووندا . کۆپییەک لە بەڵگەی بەشداریکردن لە خولەکە دەبێت لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکارییەوە بۆ نوسینگەی فیدراڵی هەروەها بۆ ئاژانسی کار یاخود فەرمانگەی کار بنێردرێت. بە هەمان شێوە بۆ ئەنجامەکانی تاقیکردنەوەکانی بەخشینی بڕوانامە ئەمە پەیرەو دەکرێت.

## 8. <u>کۆکردنەوەی زانیارییەکان</u>

زانیارییە پەیوەندیدارەکان بە بەشداربووان دەبێت تەنیا بە رەچاوکردنی رێسا پەیوەندیدارەکان (هەروەها رێساکانی یاسای پاراستنی زانیارییەکان) بەکارهێنان و بۆ حیسابەکانی کورسەکانی فێرکاری زمانی پیشەیی،بە پێی رێساکان بەکار بهێنرێن و بخرێنە بەردەستی ناوەندە رێگەپێدراوەکان (بۆ نموونە نوسینگەی فیدراڵ، ئاژانسی کار، بەرپرسی هاوکاری کۆمەڵایەتی بنەڕەتی). ئەم زانیاریيانە نابێت بە مەبەستی دیکە بە تایبەت مەبەستی بازرگانی بەکاربهێنرێن و هەروەها بە کەسی سێهەمی رێگەپێنەدراو بدرێن.

زانیارییەکانی بەشداربووان دەبێت ئەوپەڕی دوای پێنج ساڵ لە لایەن بەڕێوەبەرایەتی خولی فێرکارییەوە بسڕدرێنەوە.

کەسی بەشداربوو لە خول ، مافی ئەوەی هەیە بەڵگە پەیوەندیدارەکان بە خۆی ببینێت.

رێکەوتی،

شوێن، بەروار

____________________________________
واژووی بەشداربوو لە خولەکە
(تاکایە ئاگەدار بە کە بەبێ واژوو؛ بەشداربوون بۆ
مافپێدراوەکان بەشدار رێگەپێدراو نییە. سەبارەت بە بەشداربووانی تەمەنیان
خوار 18 ساڵییە: واژوویدایکوباوک یان نوێنەری یاسایی پێویستە)

____________________________________
واژووی بەڕێوەبەرایەتی خۆڵ